# ڕۆژی حەشر....!


## کەمال ڕەئوف


لەئەفسانە ئاینیەکاندا  باس لەوەدکرێت کەدوایی ئەوەی ژیان لەلای خواوە کۆتایی پێدەهێنرێت دواتر ڕۆژێك هەیە هەموو مردووەکان تیایدا زیندوو دەکرێنەوەو چاویان دەچێتە تەوقی سەریان و دەبرێنە بەردادگای خواهانەو لەچاکەو خراپەیان دەپرسرێتەوە , ئەو ڕۆژە کە وەك ئەفسانەیەك لەکتێبە ئاینیەکاندا باسدەکرێت و مرۆڤی پێدەترسێنرێت تا نەهی لەکاری خراپە بکات و دەست بۆکاری چاکە ببات (دیارە لەڕوانگەی ئاینەوە),کەچی لەهەڵبژاردنەکەی ئەم جارەدا بەهیمەتی حیزبە کوردیەگەورەکان ئەو ئەفسانەیە بووە واقیعێك و بۆ مەسخەرەی دیموکراتی وخۆسەپاندن, خەڵك بەچاوی خۆیان بینیان چۆن مردوو زیندو دەکرێتەوە بەشداری لەهەڵبژاردندا دەکات و دەنگی خۆشی دەدا  بەو حیزبانەی کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان زیندو کوژ و مردوو زیندووکەرەوەن! , لەوەش زیاتر حیزبەگەورەکان لەگەمەی هەڵبژاردنەکادا سنورەکانی ئەو ئەفسانەیەیان تێپەڕاندو لەویش ئەفسانەترهەر سەرەتا توانیان بەناوی لیستی هاوبەش برایەتیەوە خۆڵ بکەنە چاوی زیندوەکانەوە کارێکی وابکەن کەخەڵك بەناچاری دەنگ بەوان بدات , ئێوە لەوە گەڕێن کەپەنجە مۆرەکە بەئاوی پرتەقاڵ و فاستی جل شتن و شتی تر لەپەنجەی دەنگدەران دەکرایەوە تا لەجارێك زیاتر دەنگدەر دەنگ بەحیزبەکەی بدات , یان لەوە گەڕێن کەناوی وەهمی ناوی ئەوکەسانە بەکاردەهێنرایەوە کە کۆچیان کردوە ولەدەرەوەی وڵاتن , بەلاّم ئیتر مرۆڤ ناتوانێت لەوە بێدەنگ بێت کەمردووەکانی ناوگۆڕستان بەکاربهێنرێن ولەگەمەی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا دژایەتی یەکتری پێبکەن , دیارە ئەوان خۆیان چاك دەزانن کەلەناو ئەندامان وکادرەکانیاندا سالآنێکە چ تۆوێکی نادیموکراتی و یەکتر ڕەتکردنەوەیان دەزانن تا چەندە دەتوانن لەبەرانبەر یەکتردا دان بەخۆیاندا بگرن و ئاکامی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن , هەربۆیە بەدرێژایی چەندین ساڵ پارتی و یەکێتی نەیان توانی هەڵبژاردن لەنیوّان خۆیاندا ئەنجام بدەن کاتێکیش لەلایەن ئەمریکاوە زۆریان لێکرا بۆهەڵبژاردن بەلیستێکی هاوبەش دابەزین وپێش وەخت کورسیەکانی پەرلەمانیان دابەشکردو لەباتی پەرلەمانێکی زیندوو دیوەخانێکی حیزبیان پێکهێنا , ماوەتەوە ئەوەی بڵێن گەر لەو ئەفسانە ئاینیە خەڵك فێری ئەوەدەبێت کەڕۆژێك هەیە بۆ لێپرسینەوە , ئەوا لەم گەمەی هەڵبژاردنەشدا ئەوە ئاشکرائەبێت کە تاپارتی و یەکێتی هەبن خەڵکی کوردستان ,هەلبژاردنێك بەخۆیەوە نابینێ کەبێ کێشەو پێشێلکاری ئەنجام بدرێ .